# پەیڤێکی کورت

عومەر فارس عەزیز
بەڕێوەبەری کوردستان نێت

کوردستان نێت لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە هەوڵیداوە، پرنسیپی ئازادی بیروڕادەربڕین بپارێزێت. دروشمی (کوردستان نێت نێتی هەمووانە) بکاتە بنەمای کارکردنی و لەسەر شاشە بچکۆلەکەی جێگای هەموو بیر و رایەکی ئازاد بکاتەوە.

وەك ئاشکرایە کوردستان نێت، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر بەخەستی لەپێناوی بیری نەتەوەیی کوردا هەوڵ دەدات و هەموو تواناکانی بەشێوازێکی سەردەمانە لەوپێناوەدا دەخاتەگەڕ، لەهەمان کاتیشدا ڕێگە بە بۆچونە جیاوازەکان دەدات و هەوڵی دامەزراندنی زمانی دیالۆگ، لەناو چین و توێژە جیاجیاکاندا دەدات.

بێگومان هەڵسان بەکارێکی ئاوها بەبێ دەردەسەرو تەنگوچەڵەمە نابێت، بۆیە زۆرجار بەرەو رووی رەخنەو گازندە لەلایەن پارت و رێکخراوە سیاسیەکان و کەسایەتیە سیاسی و رۆشنبیرەکان دەبمەوە.

ئازادیەکی وەك ئەو وئازادیەی لە کوردستان نێت دا پیادە دەکرێت، شتێك نیە زۆر بەئاسانی بۆ هەموو کەس قوتبدرێت. بۆیە من ئەو رەخنانە زۆر بە دڵفراوانیەوە وەریدەگرم و هەوڵدەدەم بیکەمە وزەیەك و رەورەوەی کوردستان نێتی پێ بەرەو پێشەوە ببەم و ئەم شاشە بچکۆلەیە بکەمە ساباتێك و قەڵەم بەدەستە بوێرەکان لە سێبەریدا رەخنە و بۆچونەکانیا بە ئازادی دەربڕن.

لەم سەردەمە جەنجاڵەدا لەم جیهانە چرووپرەدا میللەتی کورد لەگێژاوێك و قەیرانێکی سیاسی سەختدایە، گەربێتو ئازادی بیروڕا سەرکوت بکرێت، و رۆشنبیران گونجی قەناعەت بگرن و دورە پەرێز ڕابوەستن، دوورنیە دەسەڵاتدارانی کورد لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی و پارتایەتیدا میللەت بەرەو هەڵدێر بەرن.

من وەك خاوەنی کوردستان نێت تاسەر ئێسقان لەگەڵ دەربڕینی بیروڕای ئازادم و باوەڕم وایە پێویستە تاکەتاکەی ئەندامانی میللەت سەرپشکبن لەدەربڕین. مەرج نیە ئەوەی کەتوانای نووسینی نەبێت و رۆشنبیر نەبێت بۆی نەبێت رای خۆی دەربڕێت. رۆشنبیران دەنووسن: بۆ کێ؟ بێگومان ئامانج لە هەموو نووسینێك پێکانێکە، یان دەرخستنی دیاردەیەکە، یان ڕوونکردنەوەیەکە، بۆیە رۆشنبیرانیش دەبێت چاوەڕوانی بەرپێچ دانەوەی خوێنەرانیش بن.

- کوردستان نێت نێتێکی هەژاری کوردە، بەتوانایەکی کەم بەساکاری و لە خۆبووردوانەوە، سوچێکی بچکۆلەی لە جیهانی عەولەمە و تەکنەلۆجیادا بۆ خۆی دابین کردووە. هەرلەو ڕێگەیەشەوە دەیەوێت ڕێچکەی کلاسیکی میدیای کوردی تێبپەڕێنێت و سەردەمانە هەڵسوکەوت لەگەڵ بابەتەکاندا بکات.

خۆشبەختانە کوردستان نێت نە پێویستی بەمۆڵەتی دەسەڵاتداران و نە بەکاغەز و نە بەدەزگای چاپ هەیە. زۆر ئازادانە لەسایەیی تەکنەلۆجیاوە کارەکانی بەڕێوە دەبات و بوێرانە هەموو بابەتەکانی پشت پەردەکان دەوروژێنێت.

من شادمان کەبۆم رەخساوە ئەم کارەم گرتۆتە ئەستۆ لەناخیشمدا کینم بەرامبەر هیچ پارت و ڕێکخراوێکی کوردی نیە، بەڵکو خۆم بەدۆستی هەموو پارت و ڕێکخراوێك دەزانم کە بەردێك بنێتە سەر بەرەو پێشبردنی کێشەی میللەتەکەم و پێشم خۆشە لەخزمەتیاندابم، ئەمەش مانای ئەوە نیە چاوپۆشی لەهەڵەو هەڵسوکەوتی ئەوانە بکەم و سانسۆر (رقابە) بخەمە سەر ئەو رەخنە و گازندانەی لێان دەگیرێت.

گەشتنی ئەو هەزاران پێشنیارو ئیمایلانەی کەتاکو ئێستا خۆیان کردووە بە سێرفسی کوردستان نێتدا گەلێك دڵخۆشی کردوم و رەنگدانەوەیەك و پەیوەست بونێك لەنێوان خوێنەران و کوردستان نێتدا بە پتەوی دروست بووە. بۆیە پاش سێ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر دەستبەکاربوونی کوردستان نێت، و لەبەر پێداگرتنی زۆر لەهاوڕێکانم بۆ نووسینی ئەم پەیڤە کورتە *(کەمن زیاتر باوەرم بەکارکردنە نەك قسەکردن)* زۆر بەشەرمەوە دەخوازم لە چەند دێڕێکدا چۆنیەتی بەڕێوە چوونی کوردستان بۆ خوێنەران باس بکەم. چونکە ئەو نامەو ئیمایلانەی دەگەنە دەستم زۆربەیان نووسراون: بۆ بەڕێوەبەران و کاربەدەساتنی کوردستان نێت، کە لای زۆربەی خوێنەران کوردستان نێت دەزگایەکی گەورەیە و باڵەخانە و ئۆفیس و کارمەندێکی زۆری هەیە.

بیرۆی (ئۆفیس) کوردستان نێت ڕووبەرەکەی 90 سانیمەتر دوجایە و لەناو هۆڵی دانیشتنەکەماندایە کە خۆم و هاوسەرەکەم و سێ جگەرگۆشەکەمی تیادەژی. ڕۆژانە هەشت کاتژمێر کاردەکەم بۆ بژێوی ژیان و شەوانەش وەك خۆبەخشێك نزیکەی سێ تا چوار کاتژمێر خەریکی ئامادەکردنی کوردستان نێت دەبم. تەنها بە کۆمپوتەرێك هەموو کارەکان ئەنجام دەدەم. بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم زۆر زۆر داوای لێبوورن لەو دۆستانە دەکەم کە ناتوانم وەك پێویست وەڵامی پێشسنیار و نامەکانیان بدەمەوە. ڕۆژانە بەلانی کەمەوە پەنجا تا سەد و پەنجا ئیمایل بەکوردستان نێت دەگات. بێگومان لە سێ چوار کاتژمێردا وەڵامدانەوەیان مەحاڵە.

بەڕێزان لە یادی دامەزراندنی سێ ساڵەی کوردستان نێت کە لە 13-8-2000 دا بۆ یەکەم جار لەژێر ناوی (ژیلەمۆ)دا پەخشم کرد و پاشان ناوی (کوردستان نێت)م لێنا، بەڵێنتان دەدەمێ هەرگیز سڵ نەکەمەوەو بەردەوام بم لە بڵاوکردنەوەی بیرویۆچونی ئازاد و خزمەتکردن بە گەلەکەم. هەرۆژێکیش گەشتمە ئەوەی توانای دارایم نەما و (مەسرەفی) بەڕێوە چوونم بۆ دابین نەکرا، ئامادە نەبم تەنها دە سەنت لە هیچ لایەن و کەسێك وەربگرم و پەردەیەکی ڕەش لەسەر شاشەکە دابنێم و ماڵ ئاوایتان لێبکەم. چونکە لەوکاتەدا ئازادی دەدۆڕێنم.

13-8-02 00:07:40

www.kurdistannet.org